هاوڕێ باخەوان

# وشە پەڕتەوازەکان

## بەرگی چوارەم

سەرجەمی ئەو وتار و دیمانانەیە کە لە سێپتێمبەری ٢٠١٦ەوە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بڵاوبوونەتەوە
بەبڵاوبوونەوەی هەر بابەتێکی نوێی نووسەر، ئەم دۆکومێنتە نوێدەکرێتەوە.
ڕۆژی نوێکردنەوە: ١٩-١٢-٢٠٢٢

**ناوی پەڕتووک: وشە پەرتەوازەکان**
**نووسەر: هاوڕێ باخەوان**
**بابەت: کۆمەڵە وتار و دیمانە**
**بەرگ: چوارەم**

# ناوەڕۆك


**ناوەڕۆك............................................................3**

**وتەیەك...........................................................5**

**کورد و فەیسبووک...................................................8**

**بۆچی رکم لە ئەردۆگان نییە! .........................................12**

**دادگای تایبەت بە لوبنان چیی کرد؟!.................................19**

**کتێبخانە و من!.....................................................26**

**ناو براوبوو تورکی نەبێت!............................................42**

**ئەگەر مێسی چاوی لێتانبووایە! .......................................45**

**ئەو کەناڵانەی ئەم نووسینانەی تێدا بڵاوکراونەتەوە.....................48**

**پەڕتووکەکانی نووسەر ...............................................49**

# وتەیەك

هزری مرۆ، بیرکردنەوەی، هەڵسوکەوتی و هەموو دیاردە مرۆییەکانی تری وەک هەنگامەکانی تەمەنێتی. منداڵێکی شیرەخۆرە زۆرترینی هزر و بیرکردنەوەی بۆ شیرەکەیەتی، هزر و هەڵسوکەوتی مێرمنداڵێک لە زۆربەی کاتدا یاخی و سەرکەشە. بەڵام پاش خۆناسینی ئەو مێرمنداڵە، ئەو بیرکردنەوەیە هێمن دەبێتەوە و تاوای لێدێت لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا ئەو بیرەش لە چوارچێوەیەکدا خۆیدەگرێت.

دیارە ئەم هاوکێشەیە بەسەر هەموو مرۆڤێکدا ناسەپێت و مرۆڤایەتی و کوردایەتی گەلێک ریزپەڕی بەخۆیەوە دیتووە.

لە رەوەندی هزری ئێمەدا کەسانێکمان هەن خاوەن هزری لەرزۆک و بەپێی هەر کات و ساتێک و لەبەرژەوەندیی خۆیان، هەر جارەی رەنگێکیان لەخۆیانداوە، هزر و بیرکردنەوەی ئەوانە ئەگەرچیش لەباری فیزیکییەوە تەمەنیان بەرەوخوارچووە، بەڵام بیریان لە چوارچێوەیەکی ئاشکرا و هێڵێکی یەکئاراستەدا خۆیی نەبینیوەتەوە. زۆر جارانیش ئەم هزرە لەرزۆکە کارەساتی گەورەی نەک تەنها بۆ خودی ئەو مرۆڤە، بەڵکو بۆ نەتەوەکەشمانی لێکەوتووەتەوە.

مایەی خۆشبەختی و شانازیمە، کە بیرکردنەوەم هەر لە سەردەمی مێرمندالیمەوە لەیەک ئاراستەدا خۆی بینیوەتەوە. تەواوی ئەو نووسین و وتار و کورتە لێکۆڵینەوانەشی کە پێشکەشی خوێنەرانمم کردووە، هیچیان ئەم سەنگەر و ئەو سەنگەر نین و هەموویان سەنگەری نەتەوەکەمن[1] ..

1 زۆربەی ئەو وتارانەی کە لە رۆژنامە و گۆڤارەکان و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاوم کردوونەتەوە، دەستم نەکەوتوون و هەندێکیانم لە رێی ئنتەرنێتەوە بینیوە. هەر بۆیە کۆکردنەوەیانم لەم بەرگانەی وشە پەڕتەوازەکاندا بەپێویست زانی و ناویشم نا "وشە پەرتەوازەکان".. هەندێک نووسینم لە جارێک زۆرتر بڵاوکراوەتەوە، هەندێکیشیان بە ویستی خۆم نەبووە و هەندێک رۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕ سەربەخۆ و بەبێ پرسی من بڵاویان کردووەتەوە. هەربۆیە لێرەوە تکا لەو کەناڵە بەڕێزانە دەکەم کە بەبێ پرسی خۆم هیچ نووسینێکم بڵاونەکەنەوە. ئەمە مافی رەوای خۆمە و هیوادارم رەچاوی بکەن.

شایانی باسە کە شێوەی رێکخستنی وتارەکان بەپێی مێژووی بڵاوکردنەوەیانە.

هەندێک نووسینم بەبێ رەزامەندیی خۆم لەکاتی بڵاوکردنەوەدا دەستکاریکراون، هەندێکیان بەجۆرێکی واهی شێوێنراون کە مەبەستەکەی منیان تێیدا تێکداوە. بەڵام لێرەدا تەواوی نووسینەکان وەک خۆی کاتی خۆی چۆنم نووسیوون، هەرواهیش بڵاومکردوونەتەوە.

لەگەڵ زۆربەی دیمانەکانم پرۆفایلی خۆم بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لێرەدا لەبەر جێگرتن بەپێویستم نەزانی ئەو پرۆفایلانە دووبارە ببنەوە و لامبردوون.

هاوڕێ باخەوان
16-06-2003

# کورد و فەیسبووک

کورد، خۆی باش ناسیوە! بۆیە وتوویەتی؛ کورد بدوێنە شەرحی دڵی خۆی دەکات! زانیاری شتێکی زۆر گرانبەهایە. زۆرێک لە کاپیتاڵی جیهان بۆ زانیاری دەڕوات. بەگشتی زانیاری بە ئاسان دەست ناکەوێت، دەبێت یان خۆتی بۆهیلاک بکەیت یانیش لەبەرامبەردا بڕە پارەیەک بدەیت..
ئەم هاوکێشەی زانیاریدانە بۆ کورد ناگونجێت. چونکە ئێمە بەدرێژایی مێژوو گوێمان بە زانیاری نەداوە و شەرحی دڵی خۆمانمان بە بەلاش بۆ خۆمان و دەرەوەی خۆشمان کردووە! ئەوەش لەپاڵ هۆکارگەلێکی تردا دەبێتە پێهێنەری ئەو بارودۆخە سەیرەی کە هەمیشە تێیدابووین.
پێشتر کە فەیسبووک نەبوو، شەرحی دڵی خۆمانمان بۆ خۆمان و بۆ ئەوەی بشێ و نەشێ، بۆ دۆست و دوژمن، لە رێی بەیتە کوردییەکانەوە دەکرد. ئێستا فەیسبووک هەیە. زۆربەمان هەژمارمان هەیە و زۆر شت دەیخەینەڕوو، هەر لە مەنجەڵە یاپراخی گەڵامێوەوە تاوەکو جوڵەی هێزی پێشمەرگە، گەریللا و شەڕڤانەکانمان لە بەرەکانی شەڕدا.
ئەمڕۆ مەکتەبی سیاسیی حیزبێک کۆدەبێتەوە، پێویست ناکات زۆر بوەستیت و بزانیت ئەو حیزبە چیی باس کردووە، سەیرێکی فەیسبووک بکە و هەر خۆیان، یان کەسانی نزیک

خۆیان، ئەوەی لە کۆبوونەوەکە باسکراوە، بە خۆڕایی پێشکەشی تۆ و دۆستی تۆ و دوژمنانی تۆی دەکەن.
فەیسبووک بۆ ئێمە، ئامرازێکە بۆ بەخشینی زانیاریی هەستیار بۆ دوژمنەکانمان، ئامرازێکی گرنگیشە بۆ سووکایەتیکردن بەیەکتری، هێماکانی یەکتری. سووکایەتییەکە گەیشتووەتە رادەیەکی وا کە تەنانەت گوێش نەدرێت بە هێما نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، گرنگ ئەوەیە کەسی بەرامبەر و لایەنی بەرامبەر بشکێنیت، ئیتر ئەوە دەبێتە هۆی شکاندنی شکۆی وڵات و نەتەوەیەکیش، ئەوە کێشەی ئەوانە نەبووە و نییە کە سووکایەتییەکان دەکەن.
ئەم فەیسبووکە، ئامرازێکی گرنگی دوژمنانی ئێمەیە. پێشتر سەرمایەیەکی زۆریان خەرج دەکرد تاوەکو بزانن من، تۆ و ئەو چین. ئێستا ئەو سەرمایەیەشیان بۆ گەڕاوەتەوە، چونکە خۆمان بە ویستی خۆمان چین و چی نین! لە ڕێی فەیسبووکەوە دەیخەینە بەردەستیان!
دیارە ئێمە هەرگیز گرنگییەکی ئەوتۆمان بە زانیاری و ئامار نەداوە. هەربۆیە نازانین ئایا رێژەی ئەوانەی فەیسبووک بۆ مەنجەڵە یاپراخ بەکاردێنن چەندن، ئەوانەی بە راستی بۆ زانیاری وەرگرتن و زانیارییپێدیانی باش چەندن، ئەوانەشی کە بۆ سووکایەتیکردنی لایەنێکی ناوخۆی بەکاردێنن چەندن.

من لای خۆمەوە لەسەر ئەو هەزاران "هاوفەیس"ەی لە فەیسبووک هەمە، بۆم روونبووەتەوە کە چارەکیان لە مەنجەڵە یاپراخەکەن، کەمینەیەکیان بۆ زانیاری وەدەستخستن و زانیاریی گرنگ بەخشینن. بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە کۆمەڵێک مشخۆری کرێگرتە یان خۆبەخشی حیزبەکانن کە من جیاوازی لە نێوان هیچیاندا ناکەم و بەم رۆژگارە بە هەق و بە ناهەق خەریکی بەخشینەوەی درۆ و سووکایەتی و یەکتر شکاندن و بڵاوکردنەوەی زانیاریی تایبەتی و نهێنین، کە پێش ئەوەی لایەنەکەی خۆی سوودی لێوەربگرێت، سوودێکی گەورەی گەیاندووەتە دوژمنانمان.. پاشتریش ئەو سوودەی دوژمنان، دەبێتە خراپترین زیان کە پێش هەر کەس و لایەنێک سەری سووکایەتیکەر و حیزبەکەی خۆی دەخوات!

سۆشیاڵ میدیا، کە فەیسبووک بەشێکی هەرە گرنگی پێکدێنێت، داتاگەلێکی بێ-ستروکتیورە – بیگ-داتا. ئەم داتایانە بە هەزاران رێکخراو و بەرنامەی پێشکەوتوو توێژینەوە و ئەنالیزی گرنگی لێوە هەڵدەهێنجێت. بەجۆرێک کە رەوتی سەرئەنجامی هەڵبژاردن و کۆمپانیا گرنگەکانی زلهێزانی جیهانیش دیاریدەکات. داتاکانی سۆشیاڵ میدیا رۆژانە دەکرێنە داتابەیسی زەبەلاحەوە و داشبۆرد و سەرئەنجامی گەورە پێک دێنن بۆ بەئەنجامگەیاندنی کاری زۆرێک لە وڵاتان

و کۆمپانیاکان. هەربۆیە هەر گۆڕانکارییەکی باش یان خراپ لەسەر ژیان و وڵاتی ئێمە، پەیوەستە بە داتاکانی ناو سۆشیاڵ میدیا، بەتایبەتی فەیسبووکەوە. بۆیە گرنگە بزانرێت لەسەر سۆشیاڵ میدیا چی دەگوزەرێت، چی دەگوترێت و چۆن ئاڕاستەدەکرێت!

هاوڕێ باخەوان

٢٠٢٠-٠٦-٠٧

# بۆچی رکم لە ئەردۆگان نییە!

نەک هەر رکم لێ نییە، بەڵکو زۆرجاریش لەبەرخۆمەوە دەڵێم ئافەرین جمهور باشکەندە! هەر پایەداربیت...
رەجەب، "تورک"ێکی ئیخوانییە، سەرۆکی پارتی رەگەزپەرستی تورک ئاک پارتییە، لە دوای مستەفا کەمالەوە بە سەرسەختترین دوژمنی کورد دادەنرێت. لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی ئەمدا تورکیا و باکووری کوردستان تاریکترین سەردەمەکانی بەڕێکردووە. بەهۆی ئەم رەجەبەوە سەدان هەزار خەڵکی کورد لە باکوور، رۆژاوا و باشووری کوردستان کوژراو، بریندار و ئاوارەبوون.
رەجەب لەنێو ناوەندە جیهانییەکاندا بە سووکترین و بێ-مۆڕاڵترین سەرکردەکانی دونیا ناودەبرێت.. لێ من هەر خۆشم دەوێت!
ئیخوانییەکان، دەیان ساڵە کار بۆ زیندووکردنەوەی شکۆی لەناوچووی عوسمانییەکان دەکەن.. نەجمەدین ئەربەکان و عەبدوڵڵا گوڵ پێشتر کارئاسانیی زۆریان بۆ ئەردۆگان کرد تاوەکو ئەمیان بە ئاشکرا باسوخواسی شکۆی لەناوچووی عوسمانییەکان و زیندووکردنەوەی دەستەڵاتیان بهێنەوە یادی تورک و رای گشتیی جیهانی.. گۆڕینی ناوی پارتی ئیخوانییەکان لە تورکیا هەر تاکتیکێک بووە و هیچی تر.. تا لە

کۆتاییدا بەناوی ئەکەپەوە گیرساوەتەوە.. ئەگیان نە پارتی ڕەفا و ئەوانی تر و نە پارتی ئاک لە ستراتیژی بیری تۆرانی و زیندووکردنەوەی سەڵتەنەتی عوسمانی بە موو جیاوازییان نەبووە و نییە!
ئەردۆگان، بەو کۆنسێپتەوە تورکی سەرخۆش و گەشکە کردووە.. بەهۆیەوە ئەو دیموکراتی و مافی مرۆڤ و هەموو ئەو درۆیانەی تر کە لە تورکیادا بانگەشەی بۆ دەکرا، ڕوویان ئاشکرا بوو.. هەر بەهۆی ئەم کۆنسێپتەشەوە بوو کە ئابووریی تورکیا لەوپەڕی بەهێزییەوە دارما و ڕۆژانەش نرخی لیرە لە خوارییە.. برسێتی و گرانییەکی سەیر ڕووی لەو وڵاتە کردووە کە بەرایی هەمان ئەو بارودۆخەی دوا ڕۆژانی ئیمپراتۆری عوسمانییە!
گۆڕانکاریی ریشەیی، هەڵچوون و داچوونی ئابووری، ڕووخانی دەوڵەت و هەڵگیرسانی جەنگ بە هۆکارێک و دووان و سیان بەدی نایەت! کۆمەڵێک هۆکار و لە کۆتاییشدا شا-هۆکارێکی گرنگ هەموو ئەو هۆکارانە دەکاتە داینەمۆی گۆڕانکاریی ریشەیی.. پێشکەوتن یان دارمانی ئابووری.. ڕووخانی دەوڵەت یا دابەشبوونی یان هەڵگیرسانی جەنگ..
تورک لە سەروبەری کۆتایی دەستەڵاتی عوسمانییەکان، بەهۆی زۆر هۆکارەوە کە زۆر باسکراون، نزیکەی مەڵۆ بۆ خەرمانێکی ئیمپراتۆرەکەی نەمایەوە.. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی

دەستەڵاتی تورکەکانی خزاندە ئەو ناوچەیەی کە ئێستا پێی دەڵێن تورکیا و دیارە پێشتریش خاکی گریک، ئەرمەنی، کورد، لاز و ئەوانی تربوون و بە زۆری زۆرداری داگیرکرابوون..
ئەردۆگان و هاویرانی، دەمێکە خەریکی کۆکردنەوەی هۆکارەکانی گۆڕانکاری یان جەنگن.. گرنگترینیان بە بەردبارانکردن و رێپێگرتنی هێزەکانی ئەمریکا بوو تاوەکو لەڕێی موسڵەوە نەیەنە خاکی "ئێراق"ەوە.. ئەوە سەرەتای گەشکەی تورک بوو بە هێزی خۆی لە ناوچەکەدا کە رێ لە گەورەترین هێزی جیهان بگرێت بە خاکەکە"ی"دا تێپەڕێت!.. تورک بە بەردبارانکردنی هێزکانی ئەمریکاشەوە نەوەستان، بەڵکو لە پەڕلەمانی تورکیا بە فەرمی رێگریان لە هێزەکانی ئەمریکا کرد تاوەکو خاکی "تورکیا"، باکووری کوردستان بەکارنەهێنێت بۆ لێدانی ئێراق!
پاشتریش لە زۆر بۆنە و کۆنفلیکتی تری نێوان تورکیا و ئەمریکا هەڕەشەی داخستن یان دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکایان لە بنکەی سەربازیی ئنچەرلیکی ئامەد کردووە..
ساڵانێکی زۆرە تورک، بە راست و بە چەپ، لاقی ئەم و ئەو دەگرێت لە ناوچەکەدا.. لێدانی کورد هەردەم لە گیرفاندا بووە و ساڵانێکە هەر بە کوردی باکوورەوە ناوەستێت.. رۆژاوای وێرانکرد.. باشووری وێرانکرد.. تەنانەت گەریلاکانی پژاکیش دەکوژێ و چنگیشی گەییشتۆتە رۆژهەڵاتی کوردستان.. گەر

بێهێزیی ئێران هاوشێوەی ئێڕاق و سووریا بووایە، ئەوا دەمێک بوو هێرشی سەربازیشی کردبووەسەر رۆژهەڵاتی کوردستان. پێشتریش بەدڵنیاییەوە لەدەستدانی کاراباخ و ناوچە کوردنشینەکانی نێوان ئەرمەنستان و ئازربایجان هەر بەهۆی سیاسەت و پاڵپشتی تورک بووە.. هەڕەشە بەردەوامەکانیان بۆ ئەرمەنستان، یۆنان و قوبروس و وڵاتانی بەڵکانیش یەکێکە لە کارە بەردەوامەکانی تورک لەم چەند ساڵەی دووایی‌دا.

زۆرجار پرسیارێک دەکرێت کە زۆر گرنگە! تورک بۆ وادەکات! بۆچی لە ناوچەکەدا جگە لە ئازربایجان یەک دۆستی نییە! لە کۆمەڵگانی نێودەوڵەتی جگە لە بەرژەوەندیی ئابووری و سەربازی تەنها لەگەڵ قەتەر و پاکستاندا نێوانی باشە! تەنانەت زۆرینەی ئەندامانی پەیمانی ناتۆش دژی تورکن!

وەڵامی ئەم پرسیارە ئەو هۆکارگەلەن کە تورک بەم دەیان ساڵەی دوایی کۆیی کردوونەتەوە بۆ گۆڕانکاری، جەنگ یان دابەشبوونی تورکیا. ئەو هۆکارانەی کە تورک خۆی لە هەموو کەس باشتر دەزانێت چین و چییان داوە بەدەست ئەرمەنستان، گریک، وڵاتانی بەڵکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تاوەکو هەڵوێستێکی هاوبەش لە پاشەڕۆژدا لە دژی بنوێنن.. بەرایی ئەو هەڵوێستە لەو بانگهێشتەی ساڵی ۲۰۱۹ی ئەمریکا بوو بۆ ئەردۆگانی خۆشەویستی من، لەوێ ئەردۆگان

ڕسواکرا، لێی تووڕەبوون، گوێیان بادا و زۆری تر کە هێشتا ئێمە نایزانین!
لە لایەکی تریشەوە، ڕووسیا بە هەمان شێوەی ئەمریکییەکان لە تورکیا پڕە، هەمووومان ئەو سووکایەتییەی پوتینی سەرۆکی ڕووسیامان بە ئەردۆگان بینی کە چەندین خولەک بە مەبەستەوە و بۆ سوکایەتیپێکردنی ئەردۆگان بەبەرچاوی کامێراکانەوە، لەژێر تابلۆی گەورەترین دوژمنی تورک و عوسمانی، لە چاوەڕوانیی ئەودا بوو.!
هەر کات تورکیا یان ئەردۆگان لە ڕووداوێکدا کەرێتییەک دەنوێنن، من شاگەشکەدەبم دەڵێم ئافەرین جمهور باشکەندە.. ئەوە هۆکارێکی تریشت دایە دەستەوە..
تەنانەت کە کۆشکی جانکایای تەواوکرد و بەسەر پلیکانەکاندا بە نێوان جەنگاوەرەکانی قەرە قۆینلۆ و ئاق قۆینلۆ و سەلجوقیدا سەرکەوت.. من پیرۆزباییم لێیکرد.. ئەو کۆشکەش یەکێک بوو لە هۆکارەکانی گۆڕانکاری.. ئەو کۆشکە سەلماندی کە ئەوان بە دڵنیاییەوە خەریکی نوێکردنەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی و داگیرکاریی نوێن! هەر لەو کۆشکەشدا بوو بۆ یەکەمجار بە ئاشکرا نەخشەی پەیمانی میللی هەڵواسرا، کە ڕۆژاوای کوردستان و باشووری کوردستانی بە موسڵ و کەرکوکیشەوە لەسەرە!

ماوەیەکە ئەردۆگان بە وڵاتانی چواردەوری خۆیەوە نەوەستاوە پەلیشی کێشاوە بۆ وڵاتانی دەریای ناوەڕاست! لە لیبیا دەستێوەردانی سەربازی و لەلایەکەوە خەریکی پشکنینی گاز و نەوتە لە ئاوە نێودەوڵەتییەکاندا کە یۆنان و وڵاتانی ئەوروپای هارکردووە.. ئەمیش دەبێت هۆکارێک تر و وردە وردە ئارامیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کۆنترۆڵی خۆی لەدەستدەدات! کۆنترۆڵ لەدەستدانی زلهێزێکی ئەوروپی وەک فەرەنسا بەئاشکرا دیارە و ناکۆکییەکانیان زۆر لەوە قوڵترە کە ئێمە لە میدیاکاندا دەیبینین!

ئێمە پەلەمانە، زۆریش پەلەمانە! لەوەشدا ناهەقمان نییە، چونکە هیچ نەتەوەیەک وەک ئێمە بەدەست تورکەوە خوێن و فرمێسکی نەڕشتووە! تەنانەت ئەوەی ئێمە لەوەی ئەرمەنییەکانیش خراترە! ئەوان چ نەبێت بوونە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان و ئێستا بە هەموو پێوەرێک لە ئێمە بەختەوەرترن.. بەڵام کارەساتی ئێمە بەدەست تورکەوە هەر بەردەوامە.. لەم کاتەدا کە ئەم دێڕانە دەنووسم، لەوانەیە فڕۆکەکانی تورک جەرگی دایکێکی کورد یان زۆرتر بسووتێنن!

گەشبینم، تا ئەردۆگانمان هەبێت هۆکارەکانی گۆڕانکاری زۆرتر دەبن و ئەمجاریش تورک یەک لەسەر دەی خاکەکەی دەمێنێتەوە! دەستەڵاتیشی وەک ئەوەی دوای رووخانی ئیمپڕاتۆری عوسمانی کەمدەبێتەوە..

ئەوەیە نهێنیی خۆشەویستیی من بۆ ئەردۆگان.. پایەداربێت جمهور باشکەندە.. هەر تەمەندرێژ بیت بۆ ئافراندنی هۆکاری زۆرتری هەڵوەشاندەوەی تورکیا!

هاوڕێ باخەوان
٢٠٢٠-٠٨-١٧

# دادگای تایبەت بە لوبنان چیی کرد؟!

لە پاش جەنگی جیهانیی دووەم، لایەنە براوەکانی جەنگ بە کۆنسێپتی مافی مرۆڤ، کەس لە سەروو یاساوە نییە و هێنانەکایەی دادی نێودەوڵەتی، مرۆڤایەتی بەڕێوە دەبەن. دادگا نێودەوڵەتییەکانیش بەشێکی گرنگە لە خزمەتی ئەو کۆنسێپتە بۆ بەڕێوەبردنی جیهان. دادگاکان سیاسین، پێش ئەوەی لە خزمەتی ئاشتیی نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤدا بن. هەر لایەنێک لە دژی بەرژەوەندیی براوەکانی جەنگدا بێت کە ئێستا جیهان بەڕێوەدەبەن، دادگایەکی بۆ دادەمەزرێنن، دیارە دادگاکانیش بەزۆری بۆ بێدەستەڵاتەکانە. چەندین دەوڵەت تیرۆری دەوڵەتی بۆ دەیان ساڵە بەڕێوەدەبەن و هیچ دادگایەکیش بۆ ئەوان لە گۆڕێ نییە.. ئەمە لایەنە ستراتیژییەکەی ئەو دادگایانەیە. لایەنە تاکتیکییەکەشی، خۆشگوزەرانییە بۆ ئەو کارمەندانەی ئەو ئاژانسانە بەڕێوەدەبەن و لە خزمەت کۆنسێپتە سیاسییەکەیدان.

دادگای تایبەت بە لوبنان، لە چەند ساڵی سەرەتای دروستبوونیدا لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە، دەستەیەک لە دادگا نێودەوڵەتییەکانی تری شاری لاهایی لە زۆر بواردا بانگهێشتکرد بۆ پێدانی ئامۆژگاری و شارەزایی بەم دادگایە. بەو بۆنەیەوە من لەلایەن دادگای یۆگۆسلاڤیاوە چەند جارێک

ڕۆیشتمە ئەم دادگایە.. کەم و زۆر شارەزاییم تێیدا پەیداکرد.. زۆرێک لە هاوکارانم بوونە کارمەندی ئەم دادگا نوێیە، منیش ئەو چانسەم هەبوو بەڵام نەمکرد.. زۆرجار لێیانم دەپرسی ڕەوشەکە چۆنە؟ دەیانگوت هەمان پیساییە! واتە هەمان پیسایی دادگای یۆگۆسلاڤیای نێودەوڵەتی و ئەوانی تر!

پاش چەندین ساڵ و بینینی چەندین کەیس لەلایەن ئەم دادگایەوە، ئەوکاتی کە من بۆ دادگای کۆسۆڤۆ کارم دەکرد و هەردووک دادگا چەند پلاتفۆڕمێکی وەک یەکیان بۆ کارە یاساییەکان بەکاردێنا و منیش لە دادگای کۆسۆڤۆ بەڕێوەبەری ئەو پلاتفۆڕمە بووم، دیسان یان من دەچوومە دادگای لوبنان یان ئەوان دەهاتنە لای ئێمە. وەک نەریتێک و بەپێکەنینەوە هەمان پرسیارم دەکردەوە، ڕەوشەکە چۆنە؟ وەڵام هەمان پیسایی بوو!

دادگای تایبەت بە لوبنان، دادگایەکی نێودەوڵەتیی نیمچە نەتەوە یەکگرتووەکانە. بە ناوکۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەوڵەتی لوبنان و سەرمایەی دەوڵەتە دەوڵەمەندە عەرەبییەکان دامەزراوە. ئەم دادگایە وەک هەموو دادگاکانی تری شاری لاهای، دادگایەکی پێش هەموو شتێک دادگایەکی سیاسییە بۆ پەردەپۆشکردنی زۆر کاری تر کە لە جیهاندا ڕوودەدەن. ئەگەرنا ئەوا کاری زۆر خراپتر و کاریگەرتر لە تیرۆرکردنی حەریری لە لوبنان و ناوچەکەدا ڕوویانداوە و

روودەدەن، کەچی نەک دادگا بەڵکو هەندێک جار میدیاکانیشیان دەیکەن بەژێر خۆڵەوە. بۆ نموونە هەر لە لوبناندا کۆمەڵکوژیی سەبرا و شاتێلا روویدا و نە دادگا و نە هیچ!

سەرەتا کە دادگاکە بڕیاری لەسەردرا و دروست بوو، حکومەتی هۆڵندی گرنگترین و مەحکەمترین باڵەخانەی پێشکەشکرد کە پێشتر باڵەخانەی دەزگای هەواڵدەریی هۆڵندی بوو، زۆر لە هاوکارانم پێیان وابوو کە دادگایەکی بچووک دەبێت و ماوەیەکی زۆر کەم دەخایەنێت! من ئەوکات پێم وانەبوو، چونکە ئەو جۆرە دادگایانە بێجگە لە لایەنە سیاسییەکەی تاوەکو ئەگەر تێوەگلانی لایەنێکی براوەی جەنگی تێدابێت بە کاوەخۆ کاری لەسەربکەن و شوێنپێیەکانی بشارنەوە، کەسابەتێکی باشیشە بۆ زۆرێک لە بەشداربووانی! بەتایبەتی ئەو ستافانەی کە پڕۆفیشناڵ و دیپلۆماتن.. باسی دادوەرەکان ناکەم کە مانگانەیەکی واهییان هەیە کە تا بتوانن بە هەق و بە ناهەق کەیسەکان درێژ بکەنەوە و بەهۆیەوە ئەگەر کەیسێک بە چەند مانگێک تەواو ببێت، ئەوان لە خۆڕا دەیکەنە ساڵێک! لەمەدا کەیسەکانی دادگای یۆگۆسلاڤیای پێشوو باشترین نموونەن کە لە هەزارەی دوومەوە بۆ هەزارەی سێیەم بەردەوامییان هەبوو!

هەلی کار، لەناو ئەو دادگایانەدا و هەموو بەشەکانی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان زۆر گرنگە، بەڕادەیەک ئەگەر بگەیتە پلەی پڕۆفێشناڵ یان دیپلۆمات، ئەوە وەک ئەوە وایە لۆتۆ-ت بۆ دەرچووبێت! ئەگەر ببیتە دادوەر، کە پلەکەی لە ژێر سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکانە، ئەوە وەک ئەوە وایە بوویتە ئەندامێکی شاهانەی وڵاتێکی پێشکەوتوو.
کەمترین مانگانەی کارمەندێکی ئاسایی ئەو دادگایانە یان هەر ئاژانسێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پلەی ستافی گشتی، سێ هەزار دۆلاری مفتە بەبێ ئەوەی ئەو کارمەندە باج بداتە ئەو وڵاتەی کاری تێدادەکات. کارمەندی پڕۆفێشناڵ مانگانەکەی لە ٦ هەزار دۆلارەوە دەستپێدەکات! کارمەندی دیپلۆمات ١٠ هەزار دۆلار و دادوەرەکان ١٥ هەزار دۆلار! (ئەم مووچانە وەک دەستپێکە و بەپێی لێڤڵ و ستێپ بەرزتر دەبنەوە). هەڵبەت ئەم مانگانەیە تەنها دەستکەوت نییە! تەنها بۆ نموونە، لە پڕۆفیشناڵ و بەرەو سەرەوە، بۆیان هەیە لە دووساڵ جارێک لەسەر هەژماری ئەو ئاژانسەی کاری بۆ دەکات سەردانی وڵاتی خۆی بکات (دیارە هاوژین و منداڵەکانیشی هەر لەسەر هەمان هەژمارن). منداڵەکانی لەسەر هەژماری ئاژانسەکەی لە خوێندنگای نێودەوڵەتی دەخوێنن. دیپلۆماتەکان و بەرەوسەر ئوتۆمبیلی کۆر-دیپلۆمات بەکاردێنن و لە هەموو وڵات و شوێنێک کار

ئاسانییان بۆ دەکرێت. کەسابەتە گرنگەکەی تر بۆ ئەو کارمەندانە، گەشتکردنی کارە! کە پێم وابێت نیوەی سەرمایەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەم گەشتانە دەڕوات. کارمەندی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە تکتی بزنز گەشت دەکات، رۆژانە بەپێی ئەو وڵاتەی گەشتی بۆ دەکات پارەی بۆ خەرج دەکرێت، کە هەرزانترین وڵات رۆژانە ١٣٨ دۆلارە (ئەم زانیارییەم کۆنە و دیارە ئێستا زۆرترە) ئەم رۆژانەیە بەپێی پلەی ئەو کارمەندە دەگۆڕدرێت و بەرز دەبێتەوە. هەڵبەت لەو ماوەی گەشتانەدا مانگانەکەی خۆشی هەر وەردەگرێت. هەموو ئەم زانیارییە داراییانە لەسەر ماڵپەڕەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادەیە و هیچی شاردراوە نین.
تێڕامێنن، لە ماوەی ئەو ١٥ ساڵەی دادگای تایبەتی بە لوبنان، چەند کارمەندی دادگاکە گەشتی لوبنانیان کردووە و چی سەرمایە لەو گەشتانەدا خەرجکراوە! لەوانە بوو بە نیوەی ئەو سەرمایەیە، رێژەی هەژاری لە لوبناندا زۆر کەمبکرایەتەوە.
لەبەرئەوە پێتان سەیر نەبێت کە دادگاییەکەی "تاوانباران"ی حەریری ١٥ ساڵی پێچوو و سەرئەنجامیش لە بڕیاری دادگادا نەیتوانی بەتەواوەتی بە خەڵکی لوبنان و قوربانییان و مرۆڤایەتی بڵێت، ئەمە بەرهەمی ١٥ ساڵ کاری ئێمە بوو! تەنانەت خودی بنەماڵەی حەریریش بە بڕیاری دادگا زۆر خۆشحاڵ نەبوون! دیارە بڕیاری دادگاییەکە زۆر لەوە زۆرتری پێدەچوو،

بەڵام بەهۆی تەقینەوەکەی ئەم دواییەی بەندەری لوبنانەوە بڕیارەکە پێشخرا، تاوەکو بەهۆیەوە تەونێکی تر بە چواردەوری حیزبوڵڵای لوبنانیدا بتەنن.
دادگای لوبنان تەنها ئەمەی کرد! لەو ماوەی ١٥ ساڵەدا، سەدان کارمەندی دادگاکە، ژیانێکی شاهانەیان لە لاهای بەڕێکرد، کۆمەڵێک گەشتی خۆشیان بۆ بەیروت و کرد و پیاسەی زۆریان لە کەناری ڕەوشەکرد و لە ڕێستۆڕانتە کەشخەکانی سەر دەریا خواردنی خۆشیان خوارد. منداڵەکانیان لە خوێندنگای نێودەوڵەتی خوێندیان.. پارەیەکی باشیان بۆ ژیانی پاشتریان پاشەکەوت کرد.. خانەنشینی نەتەوە یەکگرتووەکانیشیان مسۆگەرکرد. لە کۆتاییشدا بڕیارێکی سەرمنانەی دەرکرد.
ئەمە ئەوە بوو کە دادگای تایبەت بە لوبنان کردی.
لەو ڕۆژەوەی سەربرێنیتسا لە یۆگۆسلاڤیای پێشوو سەربڕدرا و هەزاران کەس جینۆسایدکرا، تا ڕۆژی ئەمڕۆ دادگا نێودەوڵەتییە تایبەتییەکەی یۆگۆسلاڤیا، نەیتوانی هیچ بۆ ئەو منداڵانە بکات کە کوشتارەکان بەبەرچاویانەوە روویدا، ئەو منداڵانە گەورەبوون و ئێستا خۆشیان باوانی منداڵن، گەنجەکانی ئەوکات، ئێستا پیرن و پیرەکانی ئەوساش بەهیوای ئەوەوە بوون دادگای یۆگۆسلاڤیا حەقیان بەسەنێت، لێ ئەوانیش بەو هیوایەوە مردن و سەریان نایەوە.. ئەگەر

دادگای لوبنان ١٥ ساڵ خۆشگوزەرانیی بۆ کارمەندانی هێنابێت، ئەوا دادگاکانی تر زۆر لەوەی لوبنان زۆرتر!
دادگا، ئەگەر نەتوانێت قەرەبوویەکی ئەگەر کەمیش بێت بۆ قوربانییان نەکات! دەبێ چ سوودێک بە دادپەروەریی نێودەوڵەتی و مرۆڤایەتی بگەیەنێت.
ساڵانێکە هەڵمەتێکی زۆر دەکرێت بۆ گۆڕینی ڕەوتی ئەم دادگایانە بۆ بەرەوباشتربوونیان.. هەوڵەکان تاوەکو ئێستا بە ئامانجی خۆیان نەگەیشتوون، لە سەروبەری دوا بڕیاری دادگای تایبەت بە لوبنانیش، لە میدیا خۆرئاواییەکان ڕەخنەبارانی ئەو دادگاییەکرا بۆ درێژیی ماوەکەی و بەفیڕۆدانی سەرمایەیەکی زۆر. هیوادارم هەوڵەکان زۆرتر چڕببنەوە و دادگا نێودەوڵەتییەکان بە ئاراستە سروشتییەکانی خۆیدا بەرێت و دادپەروەریی نێودەوڵەتیش بەرەوپێش ببات.
ئەمەیە ڕاستینەی دادگا نێودەوڵەتییەکان! ئایا دەبێت ئێمە بۆ کەیسەکانی خۆمان، ئەنفال، هەڵەبجە و شنگال، هیچ هیوایەکی ئەوتۆیان لەسەر هەڵبچنین؟!

هاوڕێ باخەوان
٢٠٢٠-٠٨-٢٢

# کتێبخانە و من[1]!




زۆر منداڵ بووم کە، دەستم بە خوێندنەوە کرد. لە هەر شوێنێک کتێبێکم بدیایە وەک ماگنێت رایدەکێشام، دەمکڕی یان وەرمدەگرت و دەمخوێندەوە. هێشتا زۆر منداڵ بووم کە بوومە خاوەنی کتێبخانەیەکی خنجیلانە! ساڵ بە ساڵ ژمارەی کتێبەکانم زۆرتر دەبوون، تاوای لێهات لە پۆلی دووی ناوەندی لادیوارێک کتێبم هەبوو. هەمووشیم خوێندبووەوە. دیارە بە کتێبیشەوە نەدەوەستام و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی

---

[1] ماڵپەڕی ڕووداو - ٢٠٢١-٠٥-١٢
ماڵپەڕی سەنتەری میترۆ ٢٠٢١-٠٥-٢٤

بەیان، رۆشنبیری نوێ، رۆژی کورد، کاروان، هاوکاری و پاشکۆی ئێراق-م دانە بوێر نەدەکرد و تەنانەت ئەوانەشی کە (جاش)قەڵەمەکان بۆ شەڕی قادسیەیان دەنووسی ئەوانیشم دەخوێندنەوە.

ئەو کاتی کتێب زۆر نەبوون و من هەر زمانی کوردیم دەزانی و بەو زمانە دەمخوێندەوە. هەندێک جار کە کاروان یان بەیان دوادەکەوت، ژمارەکەی پێشووترم جارێکی دیکە دەخوێندەوە.

کتێب بۆ من شتێکی ئەفسووناوی بوو، کاتێک دەمکڕی چەند خولەکێک لە بەرگ و ناوەڕۆکیم دەڕوانی. ئەگەر کتێبەکە کۆن و پەڕەی زەرد بووایە، بۆنیم دەکرد! ئەو پەڕە زەرد و مەرەکەبە شتێکی سەیر بوو بۆ من کە ئاسوودەی دەکردم!

هەر خۆشەویستیی خوێندنەوەش بوو، وایکرد هەر لە زووەوە دەست بکەمە نووسین. کتێب ببووە گرنگترین و جوانترین شمەکەکانی ماڵ لەلام، بچوومایەتە هەر شوێنێک سەیری دار و دیوارەکەییم دەکرد، تاوەکو بزانم کتێب و کتێبخانەی تێدایە یان نا!

ئەوکاتەی بوومە خاوەنی لادیوارێک کتێب، لە دووی ناوەندی بووم، دروست ساڵی 1979. هاوینی ئەوساڵە بەهۆی (وەک دەڵێن) شۆڕتی کارەباوە نهۆمی سەرەوەی ماڵەکەمان سووتا. وابزانم ئەوکات 500 بۆ 1000 کتێب و گۆڤارم دەبوو! هەموویان بوونە خۆراکی ئاگر، تەنانەت دەفتەری شیعرەکەشم سووتا. من بۆ کتێبەکانم زۆر گریام، زۆر زۆر! بیرمە تاکە کتێب کە بۆم دەرچوو نامیلکەی (زێڕینیای ئامێدی، کچە کوردی قارەمان)ی میرزا مەنگوڕی بوو. ئێستاش ئەو کتێبەم بە یادی یەکەم کتێبخانەی خۆم لە هۆڵندا پاراستووە.

ڕەوانشادی باوکم زۆر دڵی دامەوە کە هەموویم بۆ بکڕێتەوە. هەر زوو بە کاک عومەری مەکتەبەی سلێمانی-ی گوت کە زۆر دۆستی بوو و زوو زوو لەوێ دادەنیشت، کە هاوڕێ هەر کتێبێکی برد پارەی لێوەرمەگرە و خۆم چارەسەری دەکەم. سوپاس باوکە گیان، کە زوو منت کردەوە خاوەنی کتێبخانە.

تاوەکو گەییشتمە زانکۆ کتێبخانەکەم بووەوە زۆرتر لە هەزار. لە زانکۆ، لە یەکەم ڕۆژی خوێندنمدا لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی موسڵ، کاک (هەژار کامەلا)م ناسی، خوێنەرێکی باش

بوو و هەر زوو بووینە دوو هاوڕێ و تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆش بووینە هاوڕێی تەمەن.

ڕۆژانە پاش دەوامی خوێندن و نانخواردن، هەژار و من دەوکەوتینە کتێبخانەکانی موسڵ، کە زۆربەیان لە ناوچەی دەواسە بوون. ئیدی لەو ساڵەوە سەرباری خوێندنەوەی کوردی، عەرەبیشمان دەخوێندەوە. هەرچی سەبارەت کورد و کوردستان بووایە، یان پەیوەندیی ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆی بە ئێمەوە ببووایە دەمانکڕی و دەمانخوێندەوە. پارەی من و هەژار کە لە ماڵەوە وەرماندەگرت لەگەڵ ئەو پارەیەی ئەوکات لە زانکۆ وەک یارمەتیی دەوڵەت وەرماندەگرت کە 20 دیناری ئەوکات بوو، بۆ سێ شت دەڕۆیشت، خواردن، کرێی پاس و تاکسی تاوەکو ئەو بچێتەوە هەولێر و منیش بۆ سلێمانی، سێیەم و زۆرترینی بۆ کتێب بوو. کە زانکۆم تەواوکرد، کتێبخانەکەم ببووە باشترینی ئەو سەردەمە و هەزاران کتێبم هەبوو. بیرمە مامۆستا جەمال ڕەشید ئەحمەد هاتە ماڵمان و کە کتێبخانەکەمی بینی حەپەسا، کە من بەو تەمەنە کەمەوە کتێبخانەیەکی واهیم هەبووە! یادی بەخێر.

پاش ڕاپەڕین، چوومە دەرەوەی وڵات، کتێبخانەکەمم جێهێشت. هەندێکیانم بردنە هۆڵندا و هەندێکیان فەوتان و هەندێکیشیان ئێستاش لە ماڵی باوکمن.

لە هۆڵندا دیسان کەوتمەوە دروستکردنەوەی کتێبخانەکەم، کەم گەشتی گەڕانەوەم لە کوردستانەوە بۆ هۆڵندا بووە کە کتێبم پێ نەبووبێت. یان هاوڕێ و خزمانم لە گەڕانەوەیاندا کتێبیان بۆ نەهێنابم. تەنانەت هاوژینەکەم لە گەشتێکیدا تەواوی گۆڤارەکانی کۆڕی زانیاریی کوردی بۆ هێنام و هەمووی بە کۆڵ لە سێمالکا بۆ ڕۆژئاوا پەڕاندبووەوە!

لە ناوەڕاستی نەوەتەکانی سەدەی بیستەوە، کەمە کەمە کتێبی ئەلەکترۆنی پەیدابوو. من هەرچییەکەم بەردەست بکەوتایە لای خۆم دەمپاراست. ئیدی وردە وردە زۆر بوون و دۆزینەوەیان لەسەر کۆمپیوتەر و هارد دیسکەکانم ئاسان نەبوون، هەر کتێب نەبوو بەتەنیا، گۆڤار، ڕۆژنامە، وێنە، دۆکومێنت و زۆری دیکە..

دۆزینەوەی ئەوانە بۆ من ئاسان نەبوون، چونکە هەندێکجار دەمویست وەک سەرچاوە بۆ نووسینەکانم بەکاریان بێنم، هەربۆیە بۆ ئاسان دۆزینەوەیان ماشێنێکی گەڕانم بۆ خۆم

دروستکرد تاوەکو بەئاسانی بیاندۆزمەوە و پاشتر بووە سەرەتای دامەزراندنی داتابەیس و فایلنامەی کوردیپێدیا.

وازم لە کتێبخانە هێنا و ئەو کتێبانەشی کە پێویستم نەبوون، بەخشیمن. ئێستا هەرچەند سەد کێبێکم ماوە کە زۆرم خۆشدەوێن، کۆنن یان وەک دیاری پێشکەشیان کردووم و پاراستوومن.

ئێستا و لەم رۆژانەدا (سەرەتای مانگی مای 2021) ژمارەی کتێبخانە دیجیتاڵییەکەی کوردیپێدیا بووەتە دەستەیەکی هەزاری. بە هەوڵی کوردیپێدیا و هاوکارانم، هەموو تاکێکی کوردمان کردووەتە خاوەنی دوازدە هەزار کتێب! مۆبایلەکەت بکەرەوە و سەیری کتێبخانەی کوردیپێدیا بکە، دەبینی کە خاوەنی دوازدە هەزار کتێبی! کتێبەکان هەموویان سەبارەت کوردستان و کوردن، فرە زمانن، پۆلێن کراون و بە ئاسانی بە ناو یان ناوی نووسەر، وەرگێڕ، وەشانخانە دەیاندۆزیتەوە. یاخود پۆلەکەی؛ رۆمان، مێژوو، ئایین، هۆنراوە و هتد.

هیوادارم لەگەڵ هاوکارانم لە داهاتوودا ئەو دووازدە هەزارە بکەینە دوو هێندە و زۆرتریش. لێرەدا جێی خۆیەتی کە بڵێم:

کوردیپیێدیا بەهیچ جۆرێک، هیچ پەڕتووکێک لە کاغەزەوە دیجیتایز ناکات، هەر پەڕتووکێک لەم پەڕتووکخانەیەدا لەلایەن کەس و رێکخراوانی سێیەمەوە دیجیتایز کراوە و کوردیپیێدیاش وەریگرتووە یان لە خاوەنەکەیەوە بۆمان نێردراوە.

ئەگەرچی ئێستا بەهۆی کوردیپیێدیاوە ئێمە خاوەنی یەکەم گەورەترین، یان یەک لە گەورەترین کتێبخانە دیجیتاڵەکانین، بەڵام هەر بیری کتێبەکانی جارانم دەکەم. بیری چاپە کۆنەکەی تاریک و روونی هێمن و چەپکێک لە گوڵزاری نالی دەکەم. بۆنی کتێبە کۆنەکان هەر لە لووت و مێشکمدا ماون!

هاوڕێ باخەوان
سلێمانی 11-05-2021

# Ez û kitêbxane!

Min .Ez pir biçûk bûm dema min dest bi xwendinê kir li her derekê kitêbek bidîta wek miqnatîsê ez min dikirî yan min werdigirt û ,dikişandim Ez hêj pir zaro û biçûk bûm gava ez .dixwend bûme xwediyê kitêbxaneyeke bedew û xweşkok!

.Sal bi sal hejmara kitêbên min zêdetir dibû Heta wiha lê hat ku di refa duyem a navendî .de kitêbên min bi qasî aliyekî dîwêr hebûn Min hemî jî xwendibûn.

.Diyar e ez bi kitêban tenê jî ranediwestiyam ,Min hejmarek ji kovar û belavokên Beyan Hawkarî û ,Karwan ,Rojî Kurd ,Roşinbîrî Niwê Tew min ew jî .Paşkoya Iraqê li xwe nedibir dixwendin ku (caş) qeleman li ser şerê Qadisiyeyê dinivîsîn.

Wê çaxê pirtûk ne zêde bûn û min tenê zimanê kurdî zanîbû û min bi wî zimanî Carinan wexta ku Karwan an Beyan .dixwend min hejmarên wan ên berê ,dereng diman careke din dixwendin.

Wexta ku .Kitêb ji bo min tiştekî efsûnî bû min dikirî min çend xulekan li berg û naveroka Heke kitêb kevin û pelên wê zer .wê dinihêrî min ew bêhn dikir! Ew pelên zer û ,bûna ximav tiştekî sosret bû ji min re ku ez rehet dikirim!

Her hezkirina xwendinê bû wiha kir ez di .demeke zû de dest bi nivîsandinê jî bikim Kitêb li ba min bûbû kelûpela herî giring û Ez biçûma her derekê jî min .bedew li malê da ,tavilê li dar û dîwarên wê mêze dikir bibînim gelo kitêb û kitêbxane lê heye yanê na!

Wexta ku ez bi qasî aliyekî dîwêr bûm xwedî
bi ,ez di refa duyem a navendî de bûm ,kitêb
Havîna wê salê bi sedema ۰hûrî sala 1979
(wek dibêjin) kontaka elektrîkê qata jor a
Ez ne şaş bim wê çaxê 500- ۰mala me şewitî
1000 kitêb û kovarên min hebûn! Gişk bûne
tew deftera min a helbestan jî ,êzinga êgir
şewitî.

Ez pir û pir li ser pirtûkên xwe giriyam! Tê bîra
min tekane kitêba ku ji şewatê filitî namîlkeya
Keça Kurd a Qehreman) a ,(Zêrînyaya Amêdî
Min vêga jî ew kitêb wek ۰Mîrza Mengurî bû
bîranîna yekem kitêbxaneya xwe li Holendayê
parastiye.

Rehmetiyê bavê min pir li ber dilê min da ku
Zûzûka ji kekê ۰ew ê gişkan ji min re bikirre
Omerê mektebeya Silêmaniyê re ku pir dostê
got ku Hawrê ,wî bû û zûzûka li wir rûdinişt
her kitêbek bir pereyan jê nestîne û ez ê bi

ku te ez zû ,Spas bavo can .xwe çareser bikim kirim xwedî kitêbxane.

Heta ez gihîştim zanîngehê kitêbxaneya min min di yekem ,Li zanîngehê .bû ji hezarî bêhtir li Koleja Yasayê li ,roja xwendina xwe de kekê (Hejar Kamela) nas ,Zanîngeha Mûsilê xwînerekî baş bû û em zûzûka bûne du ,kir dost û heta îro roj jî em bûne dostên hev ên temen.

ez ,Herroj piştî dewama xwendinê û xwarinê û Hejar diketin pirtûkxaneyên Mûsilê ku Êdî .piraniya wan li navçeya “Dewase”yê bûn me bi ,ji wê salê ve zêdebarî xwendina kurdî Heçî li ser Kurd û Kurdistanê .erebî jî dixwend bûna yan têkiliyeke wê ya rasterast an ne rasterast bi me hebûna me dikirî û dixwend.

Pereyên min û Hejar ku me ji malê werdigirt tevî pereyên ku me wê çaxê li zanîngehê wek

alîkariya dewletê werdigirtin ku 20 dînarên
:li ser sê tiştan dihatin xerckirin ,wê çaxê bûn
kirêya bas û taksiyan da ew here ,Xwarin
sêyem û ,Hewlêrê û ez jî herim Silêmaniyê
herî zêde diravên me ji bo kitêban bûn.

pirtûkxaneya ,Wexta ku min zanîngeh kuta kir
min bûbû ya herî baş di wê serdemê de û bi
Tê bîra min .hezaran kitêbên min hebûn
mamoste Cemal Reşîd Ehmed hate mala me û
şaş ,wexta ku çavê wî bi kitêbxaneya min ket
û metel ma ku ez bi wî temenê xwe yê hindik
xwedî kitêbxaneyeke wiha bûm! Cihê wî
buhişt be.

ez derketim derveyî welêt û ,Piştî serhildnê
Min hin .min kitêbxaneya xwe li şûn xwe hîşt
hinek ji wan ,kitêb bi xwe re birin Holendayê
bertelef bûn û hink jî vêga jî li mala bavê min
in.

Min li Holendayê dîsa dest bi çêkirina
Kêm geştên vegera min .kitêbxaneya xwe kir
ji Kurdistanê bo Holendayê hebûn ku kitêb bi
Yan heval û xinamiyên min di .min re nebûbin
Tew .vegerên xwe de kitêb ji min re ne anîbin
hevjîna min di geşteke xwe de hemî kovarên
Korrî (Akademiya) Zanyarî ya Kurdî ji min re
anîn û gişk li ser milên xwe li Sêmalka derbasî
Rojavayê kiribûn!

,Ji nîveka salên notî yên sedsala bîstan ve
Çi bi .hino hino kitêbên elektronî peyda bûn
.ber destê min biketa min li cem xwe diparast
Êdî hino hino pir bûn û dîtina wan li ser
,kompûter û hard diskên min ne gengaz bû
,wêne ,rojname ,lê kovar ,ne tenê kitêb bûn
dokument û gelek tiştên din..

Çunkî min .Dîtina wan ji min re ne hêsan bû
hin caran dixwest ez wan wek çavkanî ji bo
lewma ji bo dîtina ,nivîsên xwe bi kar bînim

wan bi hêsanî min makîneyeke lêgerînê ji xwe re çê kir da ez wan bi hêsanî bibînin û ev paşê bû destpêka damezrandina database û faylnameya Kurdipedia-yê.

Min dev ji kitêbxaneyê berda û kitêbên ku min wek diyarî ,pêwîstiya min bi wan nebû Niha tenê dor sed kitêbên min mane ku .dan kevin in an wek diyarî ,ez pir ji wan hez dikim ji min re hatine pêşkêşkirin û min ew parastine.

Niha û di van rojan de (destpêka meha gulana 2021) hejmara kitêbxaneya dijîtal a Bi ked û .Kurdipedia bûye desteyeke hezarî me her ,hewla Kurdipedia û hevkarên min takekesekî kurd kiriye xwediyê 12 hezar kitêban! Mobyala xwe veke û li kitêbxaneya tu yê bibînî ku tu ,Kurdipedia temaşe bike xwediyê 12 hezar kitêban î!

,Kitêb hemî li ser Kurd û Kurdistanê ne hatine rêzbendîkirin û bi hêsanî ,pirzimanî ne wergêr û ,bi rêya nav an navê nivîser Yan jî bi rêya .weşanxaneyê têne dîtin helbest ,ol ,dîrok ,Roman :kategoriya wan Ez hêvîdar im bi hevkarên xwe re di .û ..hwd siberojê de em wan 12 hezar kitêban bikin du caran zêdetir û zêdetir jî.

:Li vir di cihê xwe de ye ku ez bibêjim ti pirtûkekê ji kaxez ,Kurdipedia bi ti awayî her pirtûkek di vê ,dijîtalîze nake pirtûkxaneyê de ji aliyê kes û rêxistinên sêyem ve hatiye dijîtalîzekirin û Kurdipedia jî wergirtiye yan ji hêla xwediyê wê ve ji me re hatiye şandin.

Tevî ku em niha bi saya Kurdipedia xwedî yekem mezintirîn an yek ji mezintirîn lê ez hêj bêriya ,kitêbxaneyên dijîtal in Ez bêriya çapa .kitêbên xwe yên berê dikim

kevin a Tarîk û Rûnî ya Hêmin û Çepkek ji Gulzara Nalî dikim. Bêhna kitêbên kevin hêj di poz û mejiyê min de maye!

Hawrê Baxewan

# ناو بڕابوو تورکی نەبێت![1]




ئەم بەیانییە لە جادەی تووی مەلیک لە سلێمانی، بۆ کارێک ڕێم کەوتە بەشی سەرەوەی شەقامەکە. دوو دیاردەی زۆر قێزەون سەرنجیان ڕاکێشام، دوو باڵەخانەی گەورە؛ یەکیان بەناوی ئاکسەرای Aksaray، ئەوی تریان بەناوی بای دەنیز By Deniz! هەڵبەت ئەمی دووایان پیتی یایەکەی دەنیزیش هەر بە تورکی نووسرابوو.

[1] هەمان ڕۆژی نووسینی لە فەیسبووک بڵاوکراوەتەوە.

پەست بووم زۆر، ئەو هەموو ناوە کوردییە، فەرهەنگی ناوی کوردی و وشەی کوردی سەد بەرانبەری هی تورکییە (قسەی من نییە قسەی گووگڵە)! ناو بڕابوو ئەو ناوە ناخۆشانە نەبێت!

نەمزانی لە ئەنکەرە و کۆنستانتینی بەتورککراوم یان سلێمانی! ڕۆژەکەم بەو کارەساتی بەتورککردنە دەستی پێکرد.

عەرەب سەبارەت بە خواردنەوە ئەلکهولییەکان دەڵێت: لعن الله الخمر، وشاربها، وساقيها، وبائعها، ومبتاعها، وعاصرها، ومعتصرها، وحاملها، والمحمولة إليه، وآكل ثمنها.

واتە نەفرەتی ئەڵلا لە خواردنەوەی ئەلکهولی بکەوێت، نەفرەت لەوانەی دەیخۆنەوە، دەیگێڕن، دەیفرۆشن، دەیکڕن، ئامادەی دەکەن و قازانجی لێدەکەن! واتاکەی بە کورتی بەو شێوەیەیە.

ئیدی منیش دەڵێم؛ نەفرەت لەوانەی ناوی تورکی لە باڵەخانەکانمان دەنێن، کرێکەی وەردەگرن، قازانجی مادیی تێدادەکەن و سەردانی دەکەن.

کارەساتە لە وڵاتی خۆت، لە شاری خۆت، هەست بەوە بکەیت لە تورکیایت و خۆشت بەشێک بیت لە داگیرکەری عەرەبی ئێڕاق.

ناوەندی کوردستان - سلێمانی

هاوڕێ باخەوان
٢٠٢٢-١٢-٠٧

# ئەگەر مێسی چاوی لێتانبووایە![1]

زۆر دواکەوتەی تۆپانێ و سەیرکردنی نیم! هەندێکجار بەڕێکەوت دەیبینم یان ڕووبەڕووی هەندێک لەو یاریزانە جیهانییانە دەبینم. ئەوەی تێبینیم کردووە زۆرێک لەو یاریزانانە جگە لە تۆپانێ هیچ زانیارییەکی تریان نییە! لەوانەیە باوەڕنەکەن ڕووبەڕووی یاریزانی بەناوبانگی هۆڵندیم دیوە تەنانەت نەیتوانیوە بە جوانی بە زمانی دایکی کە هۆڵندییە قسەبکات! زۆرێک لەو یاریزانە جیهانییانە لە جنێو زیاتر هیچی تر نازانن! (قسەی من نییە هی کەسە نزیکەکانیانە). تێبینیی ئەوە بکەن کە لە یارییەکاندا کامێرا دەچێتە سەر دوو یاریزان یان یاریزانێک و ڕاهێنەرەکەی یەکسەر دەست دەگرن بەدەمیانەوە تاوەکو لێوخوێنەران نەزانن چی دەڵێن و جنێو بەکێ دەدەن!

دڵنیام مێسی و هاوکارەکانی لە ئەرژەنتین و فەڕەنسا هەر نازانن کوردستان و کورد بەری لە کوێوەیە! تیایاندا هەیە هەر نەشی بیستووە. چونکە تۆپانێ و پارە و سیاسەتی یاری و ئەو قومارە گەورانەی کە پەیوەستن بە فیفا و مۆندیالەکان بەتەواوەتی

[1] هەمان ڕۆژی نووسینی لە فەیسبووک بڵاوکراوەتەوە.

بێهۆشی کردووون و هیچی تر دەربارەی ئەم جیهانە نازانن! چ جای کوردستان و کێشەی کورد!
ئەو کەمفامانەی دوێنێ شەو لە کوردستان بە کوتەک و مێز و کورسی لەسەر ئەرژەنتین و فەرەنسا کەوتنە گیانی یەکدی، کارەساتێکی نەتەوەییە! چونکە نەتەوەکەی هیچ شانازییەکی لە تۆپی پێدا نییە! ناچار لەبەر کەمهێنانی شانازییەکانی خۆی بە یەکێک لەو تیپانەدا هەڵدەواسێت..
ئەمە جاری یەکەم نییە ئەو پشێوییانە لە کوردستان، بەتایبەتی لە هەولێر ڕوو‌بدات. لە یاریی نێوان ڕیاڵ و بەرشە (دەڵێن) تەنانەت ئار. پی. جی.-شی تێدا تەقیوە!
ئەوانە لە لایەک، بەڵام پرسیاری من ئەوەیە ئەگەر مێسی ئەو فیلمانەی دوێنێ شەوی ئیسکانی هەولێری پێشانبدەن دەبێت چی بڵێت! دڵنیام بۆ یەکەمجار ناوی کوردستان و کورد و هەولێر دەبیستێت و بزەیەکی بۆ دەکات و دەڵێت من دەوڵەمەند دەبم و ئەوان شەڕە کوتەک و مێز و کورسیم لەسەر دەکەن!
ئەگەر مێسی یان ئێمباپێ کورد بوونایە! هەموو ئیسکان ژێرەوژوور بکرایە کێشەم نەدەبوو! لەوانە بوو منیش وەک پشتگیریی تیمی نەتەوەکەم لە بەرامبەر ڕکەبەرانم یەکێک بوومایە لەو کاڵفامانە!
هاوڕێ باخەوان

٢٠٢٢-١٢-١٩

# ئەو کەناڵانەی ئەم نووسینانەی تێدا بڵاوکراونەتەوە

1- ماڵپەڕی ڕۆژنامەی ئاوێنە
2- ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپیدیا
3- تۆڕی کۆمەڵایەتیی فیسبووک
4- ماڵپەڕی ڕوداو
5- ماڵپەڕی سەنتەری میترۆ

# پەڕتووکەکانی نووسەر

1 . لێکۆڵینەوەیەک لەسەر راپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان - چاپی یەکەم - هۆڵەندا - 1994.
2 . پڕۆژەی پارتی نەتەوەیی کورد - چاپی یەکەم - هۆڵەندا - 1994. چاپی دووەم - هۆڵەندا - 1995. چاپی سێیەم - هەولێر - 2002 - لەبڵاوکراوەکانی رۆژنامەی میدیا – چاپخانەی ئۆفسێتی هەولێر.
3 . کوردستان... نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە - چاپی یەکەم - هۆڵەندا - 1996. چاپی دووەم – دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس – کوردستان هەولێر – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – ژمارەی سپاردن: 91 - 2003.
4 . هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد (یەکەمین کرۆنۆلۆژیای زانستی بۆ کوردستان و کورد) – چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.
5 . ئاڵای کورد بۆچی نا؟! تاکوکەی؟! - چاپی یەکەم - دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (117) - سلێمانی - 2001.
6 . رۆژی شۆڕش یان رۆژی تیرۆر - چاپی یەکەم – ئۆکتۆبەری 2003 – چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری – ژمارەی سپاردن: 301 - کوردستان – هەولێر.
7 . وشە پەڕتەوازەکان - بەرگی 1 – سەرجەمی 100 وتار و کورتە لێکۆڵینەوەیە کە لەنێوان ساڵانی 1995 و 2005دا لە گۆڤار و رۆژنامە و ماڵپەڕە کوردی و بێگانەکانی کوردستان و هەندەراندا بڵاوکراونەتەوە -

ژمارەی سپاردنی (1994)ی ساڵی (2008)ی پێدراوە – چاپخانەی سیما - 2009 – کوردستان – سلێمانی.
8 . وشە پەڕتەوازەکان - بەرگی 2 – چاپی ئەلەکترۆنی.
9 . وشە پەڕتەوازەکان - بەرگی 3 - چاپی ئەلەکترۆنی.
10. ئەدەبیاتی کاژیک – کۆکراوەی بڵاوکراوەکانی کاژیک – چاپی ئەلەکترۆنی.
11. بەراووردەکانی ژیان - پرس و رایەکی بەراووردکارییە بۆ بەرەو نەتەوەییبوون - 2009 - چاپی ئەلەکترۆنی.
12. دەستوورم واهی خوێندەوە - کۆمەڵێک رەخنە و تێبینیی یاسایی، زمانەوانی و لۆجیکییە لەسەر پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان - 2009 - چاپی ئەلەکترۆنی.
13. زمانی کورد، بگونجێنە بۆ 0 و 1 – 2014 – چاپی ئەلەکترۆنی.
14. رۆڵی رووداوەکانی شنگال لە پێشخستنی دۆزی کورد - 2016 - چاپی ئەلەکترۆنی.
15. دور احداث شنكال في تطوير القضية الكردية، ترجمة ميران حسين - 2016 - چاپی ئەلەکترۆنی.
16. من و کوردایەتی؛ (سەرەتایەک بۆ گفتوگۆی ئەفسانەکانی کوردایەتی) - 2018 - چاپی ئەلەکترۆنی.

## Hawrê Baxewan

# Wişe Pertewazekan

## Bergî 4em

**Sercemî ew utar u dîmananeye ke le sêptêmberî 2016we le gowar u rojname u malpere Kurdîykanî Kurdistan u Henderanda bilawkirawnetewe**